# سـکۆتلـەندەش داوای سەربەخۆیی دەکات

هەڵۆ بەرزنجەیی

بەرلین 20.1.2012

مێژووی دروستبوونی دەوڵەت زۆر کۆنە، پاش هەبوونی چەندین ئیمپڕاتۆرێت و دەسەڵاتدارێتی وەک رۆم و ئیسلام و عوسمانی و هتد... تا دامەزراندنی چەندین دەوڵەت لە رۆژاوای ئەوروپا وەک ئینگلستان و فەرەنسا و ئیسپانیا ئەوجا کۆسۆڤۆ و نوێترینیان کە دەوڵەتی باشووری سودانە ئەم پرۆسەیە لە وەستان نەکەوتووە .

لەوەتەی دیاردە و فۆڕمی دامەزراندنی دەوڵەتی هاوچەرخ لە سەدەی 18یەم بەدواوە لە مێژوودا سەری هەڵداوە، کێرڤ و ژمارەی تا بێت بەرەو هەڵچوون و زیادبوون هەڵدەچێت. نەتەوە و میللەتانیش نەک هەر شانازیی بەم دەستکەوت و سەروەرییەی خۆیانەوە دەکەن، بەڵکو زۆر بەتوندی دەستیان بەم دامەزراوەوە گرتووە، کە بوونی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. لەو ساتەوەختەوە تا ئێستا لە مێژوودا هیچ کات رووی نەداوە، تاکە نەتەوەیەک رایبگەیێنێ و بڵێ من دەستبەرداری دەوڵەتی خۆم دەبم یان دژی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بوەستێتەوە. بە پێچەوانەوە تا بێت بە دەستگەی پتەو و مۆدێرن کە بە ملیۆنەها و ملیاردەها بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت و سەدان هەزار سەرباز دەکرێتە

پاسەوانی و بە هاوچەرخترین ئامێری تەکنەلۆژیایی مەحکەمتر دەکرێت.

گەر عەرەب و تورک و تەنانەت فارسیش وەک نموونە بهێنینەوە،وا دەبینین ئینگلیز و فەرەنسا و روسیا دەولەتی بۆ دروست کردوون یان بە هاوکاری و پشتیوانی ئەوان دروستیان کردووە. کەچی تا ئێستا تاکە کەس و هێزێک لەمانە نەیگووتووە من دەوڵەتی تورکیا،ئێران،سوریا یان عێراقم ناوێ!. هێزێک بەرچاو ناکەوێ دژ بە سنووری ئەم قەوارە سیاسییانە لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەستکردی بیگانە و ئیمپریالیزمیشن بوەستێتەوە.

هەروەها مەرج نییە بۆ دروستکردنی هەر دەوڵەتێک تۆ خاوەنی رێنیسانسێک بە کەڵە بیرمەندانی وەک مەکیاڤیللی و رۆسۆ و مۆنتیسکۆ و...هتدەوە بیت.( دیارە گەر پرۆسەی رۆشنکاریی هەبێت وا سەدبار چاکترە).

ئەرێ مۆریتانیا چ رێنیسانسێکی لە پشتەوەیە؟!، ئەی گورجستان کامە رۆشنکاری لە خزمەتیدا بووە؟!، یان کۆسۆڤۆ چەند بە گەز و کڵاوی رێنیسانس هەڵسوکەوتی کرد؟!. بەڕاست تورکیا گوێ بۆ کام لە بیریارانی ئەو دیاردەیە شل کرد؟!.

ئیدی بۆ دەبێت لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد دا هەزار یەک بیانوو و داخوازی لە توانا بەدەر بهێنرێتە ئاراوە؟. چما هەرچی قسە و تیوری و هیپۆتێزەی ناو کتێبەکان هەیە دەکرێتە مەرجی گرانبەها بەسەر شانی دامەزراندنی قەوارەیەک بۆ کوردەوە؟.

به بڕوای من ئەمانە گەر ئامازەیەک بۆ تێکشکاوی و لاوازی کەسایەتی و ئیرادەی کوردی نەبێت، وا هیچ مانایەکی دیکە نابەخشێ.

شاعیری گەورەمان **پەشێو** لە شیعری مەزاد دا وەک بانگەوزێک و گازندەییەک ئەمە بەرووی هەموو لایەکدا دەداتەوە و دەفەرموێ:

کێ کڕیارە؟

هەرچیم هەیە،

هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم:

سواڵەت و ئاتەشکەدە،

دیوانسەرای شاهەکانمان

به بنچینه و بنیادەوە،

بەردەنووس و نەخش و نیگار

به تەخت و تاجی مادەوە...

مەزاد... مەزاد...

هەچیم هەیە، هەمووی مەزاد...

به پارچەیەک پەڕۆی سادە،

که هەڵبکرێ و بشنێتەوە

لەسەر بستێک زەویی ئازاد!

مەزاد ... مەزاد ....

هەرچیم هەیە.... هەمووی مەزاد!*

لە هەنووکەدا وەختێ لە ئەتڵەسی سیاسی نەخشەی جیهان دەنۆڕین ، لەوانەیە یەکێتی ئەوروپا باشترین و بەهێزترین و مۆدێرنترین یەکێتی نێوان چەندان دەوڵەتی جیهان بێتە بەرچاومان. سەرباری ئەو لێک نزیک بوونەوە و تێکەڵی ئاسانکاریی لە هاتووچۆوە تا یەک بڕیاری لەگەڵێ بواردا و شاری بروکسل وەک پایتەختی ئەم یەکێتییە دەستنیشان کراوە. لەم رووبەر و جوگرافیایەشدا هەتا ئیمڕۆ کەسێ پەیدا نەبووە بڵێ من دەوڵەتی خۆم ناوێت هیچ میللەتێکیش بانگەوازی هەڵوەشاندنەوە ئەم قەوارەیەی نەکردووە.

بەڵکو تا بێت ئەم یەکێتییە هەنگاوی گەورەتر بەرەو چەسپاندنی ئامانجەکانیان دەنێن، بەڵێ ئا لەم ئان و ساتە دا وەک راستییەکی مێژوویی بایەخی بەها نەتەوەییەکان زیاتر لای هاووڵاتییانی ئەوروپایی بەنرختر دەبێت و بەوپەڕی پەرۆشەوە چنگ بە رەهەندەکانی نەتەوەیی بوونی خۆیانەوە دەگرن.

وەک رۆژنامەی ***دی ڤێلتی*** ئەڵمانی رۆژی 7.1 و 14.1.2012 دا دەنووسێ، لە کاتێکدا حکوومەت و سەرەک وەزیرانی بەریتانیای گەورە خۆیان بۆ یادی زێڕینی شازادە کوین و

یارییەکانی ئۆلۆمپیای 2012 و ڕەنگە جامی ئەوروپاش ئامادە دەکەن، ئا لەم چرکەساتەدا یەکێ لە دورگەکانی نابەدڵانە سەدان ساڵە خراوەتە سەر بەریتانیا و دوای 300 ساڵ پێکەوە ژیان دەیەوێ لە ڕێی ریفەراندۆمێکەوە سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێت.

ئەم هەواڵە نەک ئەو هەموو بانگاشانە پووچەڵ دەکاتەوە کە لە پشت ئەوەوەن، چیدی باوی دەوڵەت دروستکردن لەم ڕۆژگارەی گلۆبالیزمدا نەماوە، بەڵکە ئەوەش بەرپەرچ دەداتەوە کە لە لووتکەی پێشکەوتن و شارستانێتی و تەکنەلۆژیا و بەناو تێکەڵبوونی سنوورەکانیشدا، لەو ئەوروپایەی وەک بەهەشتی سەرزەمینی دەوڵەتان و میللەتان ناسراوە، هێشتا هەر ویست و خواستی دەوڵەت بەرقەرار و خاوەن ڕەواجە.

سکۆتلەندە وەک دوورگەیەکی پادشایی لە ساڵی 1707 وە دوای چەندین شەڕ و کوشتاری جۆراوجۆر لەگەڵ ئینگلیزدا یەکگرتنی لەتەک ئیرلەندا دا لەگەڵ بەریتانیای گەورە سازداوە.

ئێستا زیاتر لە 5 ملیۆن دانیشتوانی هەیە و ڕووبەرەکەی نزیکەی 79 کم دووجایە. وڵاتێکی پیشەسازی بەهێز و خاوەن نەوتە لە دەریای باکووردا و بەرهەمهێنی باشترین جۆری وێسکی و بەروبوومی ماسییە. هەر لەم ڕوانگەیەوە کەوا دانیشتوانی ئەم وڵاتە دەڵێن پیشەسازی لە وڵاتی ئێمە بەرهەم دەهێندرێت و خاوەن بانک و بازرگانەکانیش لە لەندەن لەسەری دەلەوەڕێن.

بە واتایەکی دیکە سامانی وڵاتی ئێمە دەبرێت و لە لەندەنەوە بە ئاوەڕووتکراوی پارەکەی بۆ ئەدینبەرە دەگەڕێتەوە.

ئەم وڵاتە لە ساڵی 1999وە سەرلەنوێ خاوەنی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خۆیانن و لە 2007وە پارتی ناسیۆنالیستی سکۆتلەندی لە هەڵبژاردنەکان دا زۆرینەی رەهای بە سەرکردایەتی ***ئەلێکس سالەمۆند*** بەدەست هێناوە و کاروباری وڵات دەبات بەڕێوە.

پارتەکەی سالەمۆند پ. ن. س، دوای ئەوەی لەسەرەتای ئەمساڵدا بۆ جاری دووەم بە زۆرینەی رەها هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی بردەوە دەیەوێ لە سەروەختی ئەم دا و لە رێگای ریفەراندۆمێکەوە دۆسییەی ناسراو بە (ئەکتی سکۆتلەندە) لە پاییزی 2014 دا بەرەو سەربەخۆیی بکەوێتە گەڕ. شایانی ئاماژە پێدانە پ.ن.س لە پەرلەمانی ئەوروپا لەتەک پارتی سەوزی ئەڵمانیادا یەک فراکسیۆن پێک دێنێ و لە هەنووکەدا هەڵوێستی خۆپارێزی و ڤیتۆی لەندەن بەرانبەر بە پلانی قوتارکردنی کێشە داراییەکانی ئەوروپاداو بەشداری نەکردنی چارەسەری کێشەی وڵاتەکانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بە سوودی ئەدینبەرەدا دەشکێتەوە.

ئا لەم سەروبەندە دا ***سیر داڤید ئێدوارد*** کە کەسایەتییەکی یاسایی بەناوبانگی وڵاتە، دادوەری جارانی دادگای ئەوروپا بووە لە لوکسەمبۆرگ بە گەرمی داکۆکی لەم پرۆسەیە دەکات و لە ئاستی ئەوروپادا چالاکانە بۆ سەربەخۆیی کار دەکات. شاعیری

دیار و نەتەوەیی *ئەدڤین مۆرگان* بە گەرمی پشتیوانی لە پ.ن.س دەکرد و بانگاشەی بەردەوامی بۆ جیابوونەوە دەکرد پێش مردنی هەموو سامانەکە وەک لە وەسێتنامەکەیدا هاتووە بڕی یەک ملیۆن پاوەند بووە بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزەی وەک میرات جێهێشتووە. لە لایەکی دیکەوە خێزانێک کە بەرێکەوت یاری لۆتۆ(یانصیب)یان بۆ دەرچووە لەو پارەیە یەک ملیون پاوەند دەکاتە دیاری بۆ پارتی ناوبراو لە پێناوی گەرموگوڕترکردنی کەمپی سەربەخۆیی و گەیشتن بە ئامانج .

بانگەوازی سەربەخۆیی جیابوونەوە تا بێت لە ڕێی ئەم سەرکردە و پارتەوە لە نێو پەرلەمان و نێو جەماوەری سکۆتلەندیدا بەهێزتر دەبێت و لە واقیع نزیک دەبێتەوە. ئەدینبەرە پایتەختیش لەم ڕێگایەوە ڕووبەڕووی گێرمە و کێشەی زۆر لەگەڵ لەندەن دا بۆتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە **دێڤید کامیرۆن** دەڵێ: بە هەموو هێز و گیان و چنگ و نینۆکەکانم دژ دەوەستمەوە. وەلێ بنەما یاساییەکانی ئەو وڵاتە ناتوانن ببنە بەربەست لەبەدەم پرسێکی وا یاسایی و دەستووردا و دەکرێت داخوازییەکەی سکۆتلەندە بە ریفەراندۆمێک ساخ بێتەوە. پرسیاری سەربەخۆبوونەکەش بە ووشەی بەڵێ یان نا دیاری کراوە.

هەڵبەت سکۆتلەندا لەم هەلومەرجە سەختەی باری سیاسەتی دارایی ئەوروپا پێیدا تێدەپەڕێ، تووشی تەنگەتاوی و دژواری

لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە نێو ئەوروپادا دەبێتەوە، هەر نەبێ بانکەکانی ئەو وڵاتە لە ئێستادا بۆخۆیان لە قەیراندان.

سالەمۆند و پارتی ناسیونالیستی سکۆتلەندی ئەم کێشانە و چەندانی دیکەش لەم سەرە ڕێیەدا دەرک پێدەکەن، بۆیە لە بارێکدا گەر تووشی مەترسی راستەقینە بوونەوە و ریفەراندۆمەکە وەک پێویست ئەنجامی بەدەستەوە نەدات، ئەوا وەک پلانی 2 رەنگە داوای " هەڤالبەندی یەکسان و یەکێتی کۆمەڵایەتی" بکەن و شازادەی لەندەن وەک سەرۆک لەو قۆناغەدا جارێ پەسەند بکەن.

جەوهەری باس لەوەدایە ویستی ئەم گەلە بۆ سەربەخۆیی لە بن نایەت و ئەم جارەش شکست بێنن، وا لە ئایندەیەکی نزیک یا دووردا هەر تێهەڵدەچنەوە و بە ئاواتەکەیان دەبێت هەر بگەن.

کاتەلان و باسک و ئیرلەندە و دەیان میللەت و وڵاتی دیکەش لەسەر نەخشەی جیهان بەردەوامن لەسەر تێکۆشان و قوربانی دان بۆ سەربەخۆیی. دەی ئەمە گەورەترین بەڵگەیە، کە نەتەوایەتی بەهێزترین و زیندووترین داینەمۆی مێژووی زیاتر لە 400 سەدەی مرۆڤایەتییە. دیسان ئەم رووداو و دیاردانە سەلماندیانەوە، کە نەتەوایەتی بەرهەمی قۆناخێکی دیاریکراو و سەر بە چینێکی تایبەت نییە. سەرلەبەری مەسەلەکەش بە گووتەی مامۆستا **جەمال نەبەز** بریتییە لە: ***کێشەی ناسنامەیە***. کەواتە هەر نەتەوەیەک دەیەوێ پێناسەی سەربەخۆی خۆی هەبێت.

## *ئەی سەرکردایەتی کورد چی دەکات و چی دەوێت ؟؟؟!!*

ئا لەم ساتەوەختەدا کە جیهانی عەرەبی بە بارودۆخێکی پڕ لە تەوژمی گۆڕانکاری و دژواریدا تێدەپەڕێت و لەژێر سەرناوی بەهاری عەرەبیدا بۆ یەکەم جارە لە مێژووی خۆیدا وا بە رووی ستەم و گەندەڵیدا راپەڕێ و ئێران بەو شێوازە کەوتبێتە بەردەم هەڕەشەی جددی ئامریکا و ئەوروپاوە و تورکیا گەرچی دەیەوێت خۆی بە براوە و سەرکەوتوو گورنەتەڵەی ناوچەکە لەقەڵەم بدات، دیسان بەدەر نییە لە هەڕەشانەی رووبەروو بۆتەوە و گەلێ گرفتی گەورە دەبێتەوە و گەلەک لە خۆی دەترسێ.

سووریا لە مێژووی خۆیدا گرفتاری هەرای ناوخۆ و راپەڕینی خەڵکەکەی نەبۆتەوە. عێراقیش نە دەوڵەت بووە و نە دەبێتە دەوڵەت .

ئیدی دەبێ کەی بڕیاری دەوڵەت دروستکردن لای ئەم سەرکردایەتییە لەدایک بێت. دەبێ ئەو چرکە ساتەی دەوڵەتی کوردی وەک بەرئەنجامێکی سالانی سالی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەمان دروست دەبێت( بۆمان دروست دەکەن!!؟؟) و کوردیش دەچێتە ریزی دەوڵەتانەوە و دەبێتە خودانی دەوڵەتی خۆی. ئا لەو چرکەساتەدا، سەرانی کورد چیمان پێ دەڵێن و چۆن هەڵوێست دەنوێنن؟ و دەستگا خەڕەکەشکاوەکانیان چ پاساوێک دێننەوە؟ و چۆناوچۆنی دەکەونە پەسندان و دەرخستنی بەها و گرنگی دەوڵەت؟.

له کاتێکدا هەتا ئێستا سەرانی حیزبی کوردی لەبەر خواستی ئێرە و ئەوێ ! بە چوارپەل سەما دەکەن و وەک قاز دەقیژێنن کەوا کورد دەوڵەتی ناوێ، دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیران، کورد بڕیاری داوە لەگەڵ عێراقدا بژی، کوردستان بەشێکە لە عێراق و... هتد. هەڵبەت گوزەرانی سیاسی کورد لە بەشەکانی دیکەی وڵاتیش هەمان بەزمە و سەرانی کورد پێشبڕکی لەسەر ئێرانی بوون و بەدەستهێنانی ناسنامەی سووری و برایەتی کورد و تورک دەکەن.

سەرانی کورد بە تایبەت لە باشووردا لەم هەلە مێژووییەدا، کە نێوەندە جیهانییەکانیش وەک سیناتۆری ئەمریکایی ***جۆن مایکن*** و چەندان پسپۆڕ و شارەزا و بەرپرسی جیهانی جەخت لە پارچەپارچەبوونی عێراقی زۆڵەک دەکەنەوە. هەمان کات ئەم باسە لای گەلەک لایەنی سیاسی و کەسایەتی دیاری عەرەب و هێزەکانی تری ناوچەکە لە قۆناغی دێفاکتۆی خۆیدایە و زۆربەیان لە میدیاکان بە راشکاوی باسی دەکەن و کەس ناتوانێ چیدی داکۆکی لەو دەوڵەتە شەقوشڕە بکات، چونکە کێشە بنچینەییەکانی پرسی نەتەوەیی کورد، ململانێی خوێناوی هەزاران ساڵەی شیعە و سوننە رۆژ بە رۆژ زیاتر بەرەو تەقینەوەی ترسناک دەچێت.

نەتەوەی کورد و دۆست و دوژمنەکانیشی تەنیا چاوەڕێی ئەو ساتەوەختە دەکەن، کورد خۆی ئیمان بەم مەسەلەیە بێنێت و دەستی خۆی لە بەرۆکی عێراقی عەرەبی بەربدات. بۆ نموونە

هەر وەک ***حەسەن عەلەوی*** بیریار و کەسایەتی ناسراوی عەرەبی عێراقیی لە دوا چاوپێکەوتن و کۆرەکانیدا لەم دواییەدا لە کوردستان هەما شتی راگەیاند. لەبەر ئەمەیە هەر کەمتەرخەمی و لاموبالاتی و خۆ دزینەوەیەک لەئاست ئەرکە هەرە گرنگ و پیرۆزە دەچێتە خانەی تاوانی نەتەوەییەوە نە کورد و نە مێژووەکەی لێیان نابوورێت.

کەواتە چیدی هیچ بیانوویەک لەبەردەم سەرانی کورد دا نەماوە، جگە لە ملدان لە ئاست خواستەکانی نەتەوە و گرتنەبەری چارەسەری یەکجاریی و هەمیشەیی بە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ نەتەوەیەکی خاوەن هەزاران ساڵی خەبات و قوربانیدان. ئەمەش گەورەترین خزمەتە بە کورد و گەل و کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە. دەنا هەرچی تا ئێستا کردوویانە لە "داگیرکەرچێتی و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی" خواستن و لەمەو دواش لەو چەشنە "عێراقچێتی" دەیکەن دەبێتە سپڵی لاورگ و مێژوو تووڕی دەداتە زبڵدانەوە.